# شـــەرم وشـــكۆ
# وەكـــو بەشێك لە ئيـــمان

[ كردي – كوردى – kurdish ]

نوسينى: صلاح فائق مردان

پێداچونەوەى: صلاح الدين عبد الكريم - پشتيوان سابير عەزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الحياء شعبة من الإيمان )

« باللغة الكوردية »

الكاتب: صلاح فائق مردان

مراجعة: صلاح الدين عبد الكريم ـ بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# شـــەرم وشـكۆ
# وەكــو بەشێك لە ئیـــمان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين ،والصلاة والسلام على رسول لله وعلى اله واصحابه ومن والاه ..

خوشك وبرايانی بەڕێز :

ئێمەی موسڵمان گومانمان نییە لەئەوەی کە ئەم ئاینە پاك وجوانەی ئێمە لە باشترین و چاك ترین و ڕاست ترین ئاین وبەرنامەیە لەسەر ڕووی زەوی کە دەستووروو یاسای بۆ هەموو شتیٚ کە لەبەرژەوەندی زیندەوەراندا بێت بە تایبەت مرۆڤەکان داناوەو بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا خراپی لە چاك بۆ جیا کردوینەتەوەو و ئەوەی باشە فەرمانی جیٚ بەجیٚ کردنی پیٚ کردوین وئەوەشی کە خراپە فەرمانی نەکردنی پێداوین ، دیارە دارێژەری ئەو دەستورو دەقانە خوایەکی بالاٚ دەست ومەزن و خاوەن زانستێکی بیٚ شومارە کە خۆی مرۆڤەکانی دروست کردووە و هەرخۆشی دەزانێت چی شتیٚ بۆ مرۆڤەکان بەسودەو چی شتیٚ بۆی بەزیانە، لەبەر ئەمەیە کەخوای پەروەردگار ئیسلامی وەك ئاین وبەرنامە بۆ ئێمەی مرۆڤ لەسەرانەری جیهان داناوە تاکاری پیٚ بکەین وبەهۆیەوە لە دنیاودوارۆژدا بەختەوەرو ئاسودە بین ،وە تەنها بە ئیسلام ڕازیە کە ئێمە پیادەی بکەین هەروەك دەفەرموێت (ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا )( المائدة: ٣) ،واتە (ئەمڕۆ دینی ئیسلامم بۆ تەواو کردن وە نیعمەتی خۆم ڕژاند بەسەرتاندا وەڕازیشم تەنها ئیسلام دین وبەرنامەتان بێت ) .هەروەها دەفەرموێت ( وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ )(ال عمران ٨٥) ، واتا(هەرکەسێك جگە لە ئاینی ئیسلام وەك بەرنامەی ژیانی

هەڵبژێرێ و پیادەی بکات ئەوە لێ ی وەرناگیریت ولەدواڕۆژیشدا یەکێك دەبێت لە بەهیلاك چوان وخەسارەومەندان ).

ئەم گرنگی دانە بەئاینی پیرۆزی ئیسلام لە لایەن خوای پەروەردگارەوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسلام ئاینێکی گشتی وهەمەلایەنە وهەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە دەستورو یاسای گونجاوی بۆ هەموو لایەنەکان داناوە بە باشترین شێوەوجوانترین وڕاسترین ڕێگە کەئەمەش لە هیچ دینێکی تری جگە لە ئیسلامدا بە دی ناکرێت،لەبەر ئەوە خوشەویستان بائێمە هەوڵبدەین بەشێوەیەکی جوان پییادەی ئەم بەرنامە بەرزوگەورەیەمان بکەین تا هەست بە هەمووخۆشی وئاسودەییەکانی دینەکەمان بکەین و شانازی پێوە بکەین و بەرگری وبانگەوازیشی بۆ بکەین لە یەککاتدا، ئەوبوارولایەنانەی کەئیسلام گرنگی پێداوەو یاساو دەستوری بۆ داناوە زۆرن، وەیەکێك لەوبوارانەی کە ئیسلام گرنگی پێداوە بریتییە لە شەرم وشکۆ یان حەیاو حیشمەت ،بائەوەش بزانین کەئیمان بنچینە وئەساسی هەریەك لە ئێمەی ئیمانداره، وەئیمانیش بریتییە لە چەندەها بەش کە شەرم وشکۆش بەشێکە لە ئیمان ،هەروەك پێشەوامان (صلی الله علیه وسلم)دەفەرموێت (الایمان بضع وسبعون شعبة فافضلها قول لا اله الا الله وادناها اماطة الاذى عن الطريق والحياء شعبة من الايمان)(صحيح مسلم) واتا(ئیمان حەفتاو ئەوەندە بەشە، یان شەست وئەوەندە بەشە،گەورەترین بەشی ئیمان بریتییە لە ووتن وکارکردن بە (لا اله الا الله) وجێ بەجێ کردنی مەرجەکانی وکارکردن بەحوکمەکانیو وازهێنان لەسەرپێچییەکانی، وەنزمترین بەشی ئیمانیش بریتییە لە لابردنی ناڕەحەتییەك لەسەر ڕێگاوجێگای خەڵکی ، وە (شەرم و شکۆش بەشێکە لە ئیمان) ،شەرم وشکۆ زۆر گرنگە بۆیە پێشەوامان (صلی الله علیه وسلم)لە فەرموودەکەداباسی بەشەکانی تری ئیمان ناکات بەڵام دەفەرموێت (حەیا بەشێکە لە ئیمان ) ،واتای ئەوەیە کە شەرم وشکۆ گرنگە بۆیە بەتەنها باسی کردوە،لە نێوان بەرزترین و نزمترین بەشی ئیماندا بە شێکی گرنگی باسکردوە کە بریتییە لە حەیا، بۆیە ئەگەر کەسێك حەیای نەبوو ئەوە ئیمان لاوازە، وەئەگەر ئیمان لاوازبوو ئەوە بێ حەیایە، یان ئەگەر هەشیبوو ئەوە زۆر کەمە، شەرم وشکۆ لە گەڵ ئیسلامدایە ئەوانەی کە پەیوەستن بە شەرم وشکۆوە ئەوانەن کە بەراستی لە ئیسلام گەشتون

ئەوانەشی کەبێ حەیاو بێ ئابروون لە ئیسلام دووركەوتنەتەوە ،خوشەویستان دەبێت شەرم وشکۆوحەیامان بەرامبەر کێ هەبێت ؟دەبێت ئێمەی موسڵمان شەرم وشکۆ وحەیامان بەرامبەر خودای گەورە هەبێت، حەیا لەبەرامبەر خودا واتای سنورنەبەزاندن واتای سەرپێچی نەکردن لە فەرمانەکانی واتای بەقسەکردنی فەرمانەکانی واتای ترسان لێ وسوپاس کردنی و نەشکاندنی سنورەکانی ،هەرکاتێ سنوری خودای گەورەت شکاند وەسەرپێچی فەرمانەکانیت کرد گوێڕایەڵی فەرمانەکانیت نەکرد ئەو ئەوپەڕی بێ شەرمی وبێ حەیاییە بەرامبەر خودای گەورە لەوکاتەدا بێ حەیاترین کەسی بەرامبەر خودای گەورە، چونکە هەواو ئارەزوو وشەیتان ونەفست بەسەردا زاڵبووە وخۆت وونکردوە وخوای گەورەشت لەبیرکردوە، بۆیە دەستپێش خەری دەکەیت لە ئەنجامدانی تاوان وسەرپێچی وبەردەوامیش دەبێت لەسەری، وەحەیا بەرامبەر پێشەوامان (صلی الله علیه وسلم )، واتای(خۆشویستنیو بەگوێ کردنی فەرمانەکانی بە قسەکردنی داخوازییەکانی وڕێزگرتن لە ووتەکانی بەرزڕاگرتنی کارەکانی وزیندووکردنەوەی سونەتەکانی شوێن کەوتنی بەرنامەکەیی ودووركەوتنەوە لە سەرپێچییەکانی ولەبەرچاوگرتنی کارە باش و قسەجوانەکانی وە هەوڵەبەردەوامەکانی بۆ بەختەوەرکردنی ئێمە بۆ ئاسودەکردنی ژیانی ئێمە بۆ ڕزگارکردنی ئێمە بۆ سەرکەوتنی ئێمە بۆ جوان پەروەردەکردنی ئێمە ،کە هەموو ئەم کارانەی بێ بەرامبەر بۆ ئێمە ئەنجام دا داوای هیچ پوڵ وهیچ پۆست وهیچ ماڵ وهیچ بینایەکی لەئێمە نەکرد، بەڵکو لەبەرخاتری ئێمە هەموو ناخۆشی و نارەحەتییەکی قبوڵ کرد ،دەربەدەرکرا لەزێدی باوکوباپیرانی سوکایەتی پێ کرا بەردباران کرا پیسایی بەسەرداکرا ئازاری دەرونیو بەدەنیشی درا، بە شێت وساحر وفاڵچی وزاڵم ودرۆزنیش لە قەڵەم درا، بەلاّم ئەو وەك دڵسۆزێك وەك ڕابەرێك وەك پێشەوایەك قبوڵی هەموو ئەمانەی کرد تەنها لەبەرخاتری ئەوەی ئیسلام بەوشێوەیەی کە خوا پێ ی رازییە بەئێمە ڕابگەیەنێت، تا لەدونیاو دوارۆژدا بەختەوەرو سەربەرزبین ، بۆیە سوکایەتی کردن بەرامبەر خودی پێشەوا(صلی الله علیه وسلم)وسونەتەکانی وبەقسەنەکردنی وشوێن نەکەوتنی بەرنامەکەی ولەبەرچاونەگرتنی هەوڵ وماندووبوونەکانی وبەگوێ نەکردنی فەرمانەکانی ئەوە ئەوپەڕی بێ ئەدەبی وبێ حەیایی نواندنە بەرامبەرکەسێك کە دڵسۆزتەو خۆشی دەوێیت وڕێگای کامرانی وڕاستت نیشان

دەدات وئاگادارت دەکاتەوە لە ڕێگەی خراپ ، خوای گەورە دەفەرموێت (﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ﴾الحجرات ٢)، واتا (دەنگی خۆتان بەرزمەکەنەوە بەسەر دەنگی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) هەروەها دەفەرموێت (﴿لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗا﴾ (النور٦٣)، واتا(بانگی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مەکەن بەوشێوەیەی کە خۆتان بانگی یەکتری دەکەن.

هەروەها شەرم و حەیاش بەرامبەر ئیمانداران واتە ڕێزگرتنیان، واتا پاراستنی مافیان وبەدەنگەوە چونیان لەکاتی نارەحەتیدا ،دڵخۆشبوون بەخۆشیان وغەمباربوون بەغەمیان ، غەیبەت نەکردنیان بوختان بۆنەکردنیان جنیوٚپێ نەدانیان پاراستنی ناموسیان یارمەتی وکۆمەککردنیان لە کاتی فەقیریاندا هەروەها بەرگریکردن لێیان...

حەیا بەرامبەر باوك ودایك واتە بەقسەکردنیان ئازارنەدانیان یارمەتیدانیان دوعای خێر بۆکردنیان دڵخۆشکردنیان وبێ ئەدەبی نەکردن بەرامبەریان...

حەیا بەرامبەر خزم وکەسەکانت واتە سەردانی کردنیان بەدەنگەوە چونیان لە خۆشی وناخۆشیدا... حەیا بەرامبەر دراوسێ واتا ڕێزگرتنیان ئازارنەدانیان... حەیا بەرامبەر هاوڕێکەت واتا خیانەت لێ نەکردنی ، درۆلەگەڵنەکردنی ، فێڵ لێ نەکردنی، ڕێگای خراپ نیشان نەدانی ، پشت گوێ نەخستنی،پشت بەرنەدانی... حەیا بەرامبەر موسڵمانان بەگشتی واتا پاراستنی ماف وپاراستنی ڕێزوحورمەت وشان وشکۆیان ،خوشەویستان بزانن کە شەرم وحەیا لە هەر شتێکدا بێت ئیلا جوانی دەکات ،هەروەها پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت (الحياء لا ياتى الا بالخير)(صحيح البخاري)، واتا(حەیا هەرخێری بەدوادا دێت وتەنها خێری پێوەیە) .

بەڕێزان ئەوەش بزانن کە سیفەتی شەرم وحەیا مرۆڤ لە گوناه وتاوان دەپارێزێت ،چونکە کەتۆ شەرمت کرد لە خوای گەورە ناتوانی لەبەرامبەریدا تاوان بکەیت وبەلاتەوە ئاسایی بێت هەروەها کەخاوەن شکۆو بەشەرم وحەیابیت ڕووت نایات بەرامبەر سونەتەکانی پێشەوا (صلى الله عليه

وسلم) ووتە وئاکارەکانی بێ ئەدەبی بکەیت ناتوانی بەرامبەر دایك وباوکت بێ ئەدەبی بکەیت ناتوانی بەرامبەر خزمەکان ودراوسێکانت وهاورێکانت بێ ئەدەبی بکەیت، چونکە حەیاوشەرم وشکۆ وەکو چاودێرێك وایە بەسەرتەوە بۆیە ئەو سیفەتە جوانە وەکو قەڵغانێ دەتپارێزێت لەهەموو تاوان وسەرپێچییەك کە نامۆیە بە هەڵسوکەوتوئاکارت، کەتۆ کەسێکی بەحەیاو بەشەرم وشکۆبیت هەرگیز ئامادەنیت درۆبکەیت بوختانبکەیت خیانەت بکەیت ستەم بکەیت داوێن پیسی بکەیت جنێوبدەیت غەیبەتی ناحەق بکەیت ئازاری خەڵك بدەیت بەووتە وبەکردەوەکاری نەشیاوبکەیت، خیانەت لە دایك وباوکت بکەیت غەش وفێڵ بکەیت، سوێند بەدرۆبخۆیت، هاوبەش بۆ خوادا دابنێیت لە عیبادەتەکانتدا، کارێك بکەیت بەناودینەوە کە دین نییە هەزارەها کاروکردەوەی تریش، سیفەتی شەرم وشکۆ پاسەوان وچاودێرە بە سەرتەوە وپارێزگاریت لێ دەکات ناهێڵێت ئابوورت بچێ ناهێڵێ خەجاڵەت وڕوو ڕەش بیت، ناهێڵێت بدۆڕێت ئەگەر بەشێوەیەکی جوان هەستت بە ئەم سیفەتە ناوازەو پشت گوێ نەخراوە کرد ، پێغەمبەر یوسف (علیە السلام) گەورەترین نموونەیە بۆ ئێمە کە چۆن کاتی خۆی خێزانەکەی عەزیزی میسر داوای داوێن پیسی لێکرد بەڵام یوسف (علیە السلام) فەرمووی: ( قَالَ رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِۖ ) (یوسف ٣٣)، واتا(خوایە سجنم پێ خۆشترە لەوەی ئەوانە داوام لێ دەکەن) ئافرەتەکە پێی ووت یان دەبێت سجنی بکەم یان دەبێت داوێن پیسیم لەگەڵ بکات ،بەڵام یوسفی خاوەن شکۆ وحەیا سجنی هەڵبژاردو لە ترسی خودا ئەوکارەی نەکرد،باشە ئێستا تۆ خۆت بکە جێگای ئەو وئافرەتێ داوات لێ بکات وەرە زینام لەگەڵ بکە وەڵامی تۆ بۆ ئەو چیە؟ ئایا ئەوەندە شەرمت هەیە کە ئەوکارە نەکەی یان وەکو کەسێکی بێ شەرەف و بێ ئابروو دەچێتە پێش ودەڵێت بیستم وبەقسەت دەکەم ،هاوار بۆ ئێمەی ئیمان لاواز کەناتوانین بەرامبەر ئافرەتانی سفورو ڕووت نەزەرکردن وازلێ بهێنین چ جای بەرامبەر زیناو داوێن پیسی، لە ئیمامی( حسن بصری ) یان پرسی بۆ ئەوەندە زاهید ولەخواترسی ودنیات پێ کەمە ؟ فەرمووی لەبەر چەند هۆکارێکە یەك لەوانە (علمت بان الله یرانی حین المعصیة ) ، واتا(زانیتم لەکاتی گوناهکردندا خودا دەمبینێ بۆیە شەرمم لێ کردو وازم لەگوناه هێنا) بەڕاستی ئەگەر ئینسان شەرم لە خودا بکات واز لە گوناه وتاوان دێنێت و نایکات، بە تایبەتی ئەگەر هەر

خۆی وخواد بوون ، لەوکاتەدا بتوانی تاوان نەکەی باشترین حەیات بەرامبەر خوای گەورە ئەنجام داوە، بۆیە پێشەوامان (صلی الله علیه وسلم ) لە فەرموودەیەکی صەحیحدا باسی ئەو حەوت کۆمەڵە کەسانە دەکات کە لەژێر سێبەری عەرشی خوای گەورەدان لە ڕۆژی قیامەتدا یەك لەوحەوت کۆمەڵە کەسە ئەوانەن کە (رجل دعتة امراة ذات منصب وجمال قال انی اخاف الله)(صحيح البخاری)،واتا(پیاوێك کە ئافرەتێکی جوان وخاوەن مەنسەب داوای گوناهی لێبکات، داوای داوێن پیسی بکات لە گەڵێدا وە ئەو پیاوە خۆی وخوای خۆیەتی کەسی تریان لەگەڵ نییە بەڵاّم پێی دەڵێت ئەی ئافرەت من لە خوا دەترسم وئەوکارە ناکەم ) واتە لەشەرمی خوا ئەو کارە ناکات، بەڕاستی لەوکاتانەدا کە هیچ کەس دیارنییە جگە لە خوا ئەگەرتاوان نەکەی ئەوە جوانترین حەیاوشەرمت هەیە بەرامبەر خودای گەورەو میهرەبان ،خوای گەورە دەفەرموێت: (قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ )،واتا(پیيان بڵێ بەئیمانداران باچاویان لەئاستی ئافرەتی نامەحرەمدا بگرنەوە وە(وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ) (النور ٣٠)،بە ئیماندارانی ئافرەت و خوشکانی موسڵمان بڵێ چاویان لە ئاستی پیاوانی نامەحرەمدا بگرنەوە ونەزەریان نەکەن )، بەڕاستی نەزەر هەر نەزەرە چ پیاو لە ئافرەتی بکات چ ئافرەت لە پیاوی بکات، بە ڕاستی ڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت وئافرەت بۆ پیاو ئەوە بێ شەرمییە، ئەوەی شەرمی هەبێت نەزەر ناکات چونکە خوای گەورە پێ ی دەڵێت مەڕوانە ئەویش بە قسەی خوا دەکات ونەزەر ناکات، ئەوە چاودێری خوای گەورەیە کە والە ئینسان دەکات خۆی تووشی نەزەر نەکات ولەگوناه بگەڕێتەوە، لەهەمان کاتدا بێ شەرمی وبێ حەیایی ئینسان ڕادەکێشێت بۆگوناه،چونکە لە حەدیسی صەحیحی پێشەوادا هاتووە (صلی الله علیه وسلم) کە دەفەرموێت: (ان مما ادرك الناس من كلام النبوة الاولی اذا لم تستحی فاصنع ما شئت)(صحيح البخاری)، واتا (ئەگەر ئینسان حەیایی نەبوو هەرچی دەکات بابیکات واتا ئەوەی کە حەیایی نەبێت لە هیچ شتێ ناگەڕێتەوە (واتا ئەوەی کەتاوانە دەیکات و بەلاشێوە عەیب نییە وشوورەی نییە )، بۆیە بەڕاستی حەیا زەخیرەیەکی گەورەیەو نابێت ئینسانی موسڵمان لە دەست خۆی بدات وبەردەوام

دەبێت هەوڵ بۆئەوە بدات چۆن ببێتە کەسێکی بە شەرم وحەیا، چۆن حەیا بەدەست بهێنێت وەچۆن پارێزگاری لێبکات...
ئازیزەکانم حەیاو شەرم و شکۆ زۆر ناسکە هەرکە شکا یان زڕا هەرگیز چاك نابێتەوە وتاڕۆژی مردن وەکو دێوزمەیەك بەدواتەوە دەبێت ولێت جیانابێتەوە ،بەسەرشۆڕی دەژیت وبە زەلیلیش دەمریت ، پەندێکی کوردیمان هەیە دەڵێت (حەیا دەڕژێ ،سومعە دەشکێ )،بەڕاستی قسەیەکی جوانە سومعەی ئینسان بەنرخە ئەگەر بشکێ زۆر زەحمەتە چاك ببێتەوە بەلاّم هەرهیوایەك هەیە کە چاك ببێتەوە بەلاّم دەوترێت حەیا دەرژێ واتا حەیا کاتێ چوو یان ڕژا هەرگیز ناگەڕێتەوە هەروەکو چۆن ئاو کاتێ دەڕژێ ئیتر جارێکی تر کۆناکرێتەوە بۆیە بەڕاستی حەیاو شەرم وشکۆ زۆر گرنگە ونابێت بهێڵین لەدەستمان بڕوات یان ڕێگە بدەین لێمان ببرێت ، چونکە کاتێ حەیای کەسێك دەڕوات ئیتر ئەو حەیا چوونە بلاّودەبێتەوە بەهەموو شوێن ولایەکدا لە هەموو شوێنان ناوی دەزڕێ، حەیا زۆر بەنرخە توێشوو وسەرمایەیە بۆ ئینسان بۆیە زۆر ناسکە وپێویستە پارێزگاری لێ بکرێت...
بەڕێزان بۆیە زۆر جەخت لەسەر گرنگی حەیاو شەرم وشکۆ دەکەینەوە چونکە بە شێکی سەرەکییە لە ئیمانمان ، ئەگەر دەمانەوێت ئیمانمان سەلامەت بێت دەبێت حەیامان سەلامەت بێت ، دەبێت حەیامان زیادکەین بەرامبەر خودا، بەرامبەر پێشەوا دڵسۆزەکەمان(صلی الله علیه وسلم) وەبەرامبەر ئیماندارانیش بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئەوەی بەڕاستی ببینە کەسێك کە خەڵکی بەحەیاو شەرم و شکۆمان سەرسام بن وشوێنمان بکەون بۆ ئەوەی پێکەوە کۆمەڵگەکەمان ڕزگاربکەین لەو بێ شەرمی وبێ حەیاییەی کە تێیدا بلاّو بۆتەوە کەبەڕاستی نەخۆشییەکی گەورە وسامناکە، دەردێکی ژەهراوییە کە زۆرێك لە خەڵکی گرتۆتەوە بەتایبەتی توێژی لاوان لە کچان ولە کوڕان ،بەڵێ گەنجانی ئەمڕۆ ولاوانی سبەیی وپیاوانی داهاتوو ،کیژۆڵەی ئێستاو کچانی سبەیی ودایکانی داهاتوو، بەڕاستی زۆرێك لە گەنجان وکچانمان حەیایان ڕژاوە یان خەریکە حەیایان بڕژێت ئەمەش بۆکۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە کە لەمنداڵیەوە بە پەروەردەیەکی جوان وباش پەروەردە نەکراون وحەیاو شەرم وشکۆیان بە گرنگ بۆ باس نەکراوە لە لایەن دایکان وباوکانەوە بۆیە کاتێکیش دەگاتە ئەو تەمەنە گوێ بەشەرم وشکۆ نادات و بێ گوێدانە هیچ شتێ، ئازادانە ڕەفتار

دەكات وچۆنی بوێت بەو شێوەیە هەڵسوكەوت دەكات كە بەڕاستی ئەمە مەئساتێكی گەورەیە كە گەنجەكانمان وكچەكانمان بەئەم شێوەیە پەروەردە بكرێن ، وە یەكێكی تر لە هۆكارەكانی بلاْوبوونەوەی دیاردەی بێ شەرمی وبێ حەیایی زۆربوون وبلاْوبوونەوەی سەتەلایت وتەلەفزیۆن وڕادیۆكان وهەروەها والاكردنی سنوری وولاْتە بۆ هاتنە ژوورەوەی ئەو كەلو پەلە نەشیياو وناشەرعیانەی كە بە خەلاْت بۆمانیان دەنێرن كە كاریگەرییەكی زۆر بەهێزی دروست كردوە لە سەر عەقلْ وتواناو بیركردنەوەی لاوەكانمان كە وایان لێ هاتووە هیچ شتێكیان لاعەیب نەبێت كە هەركاتێ ئەو بیركردنەوەیە دروست بوو ئەوە وولاْتمان بەرەو فەسادی ئەخلاقی هەنگاو دەنێت وچارەنووسێكی نادیار هەڕەشە لە داهاتووی وولاْتەكەمان دەكات، هەروەها یەكێكی تر لە هۆكارەكانی بلاْوبوونەوەی بێ شەرمی لە ولاْتماندا هەلْخەلْەتاندنی ئافرەتانمانە لە لایەن دوژمنانی ئاینەكەمانەوە ئەمەش بەهۆی زوو تەسلیم بوونی ئافرەتانمان بە پیلان وچەواشەكارییەكانی دووژمنانی ئیسلام ،هەر لە ڕۆژئاواوە هەتا زۆر شوینی دیكەی دونیا زۆرێك لە ئافرەتان حەیایان ڕژاوە،بوونەتە مایەی شەرمەزاری بۆ میلەتان... ڕێزم بۆ خوشكانی موسلْمان زۆریان حەیایان نەماوە لەم سەردەمەی خۆماندا ئەوە ڕاستییەكەو دەبێت بووترێت ،ئەمڕۆ لە وولاْتانی ئیسلامیدا وولاْتانی ڕۆژئاواو دوژمنانی ئیسلام یاری بەشەرم وحەیای ئافرەتانمانەوە دەكەن وجلوبەرگی تەسك وتەنك وكورت كە لە ئیسلام وموسلْمانان ناوەشێتەوە بۆمانی دەنێرن تا ئابڕۆی موسلْمانان بچێت وئافرەتانیشمان بێ حەیاو بێ شەرم بن ،هۆكارەكان زۆرن كە دەبنە هۆی بلاْوبوونەوەی بێ شەرمی وبێ حەیایی لەوولاْتماندا، بەلاْم هەرچۆنێك بێت خۆشمان یەكێكین لە هۆكارەكان كە بەڕاستی عەیبە بۆئێمەی موسلْمان كە پشت لە دین وئەخلاقی خۆمان بكەین وشوێنی بەرنامەو ڕێبازێك بكەوین كە دروست كراوی دەستی مرۆڤە ، ئەوەش ڕاستییەكەو دەبێت بووترێت ئێمە و كۆمەلْگەكەمان دوور كەوتووینەتەوە لە گوێڕایەلْی كردنی دینەكەمان گەورەو بچوك ژن وپیاو مندالْ ولاو بە جارێك خۆمان مەشغولْ كردوە بە دونیادا وەك ئەوەی بۆهەتاهەتایە ژیان هەر دەمێنێت وهەرگیز كۆتای نایت ، ئەوەی ئێستا ئێمە خەفەتی بۆ ناخۆین دینەكەمانەو تەنها دینمان كورت كردەتەوە لە نوێژو ڕۆژو خێر وحەجدا وازمان لە ناوەڕۆك وئەساسی دینەكەمان هێناوەو نازانین چی دەكەین سەرمان لە خۆمان وخەلْكیش شێوانووە ، ڕۆژانە هەزارەها تاوان

وسەرپێچی دەکەین وزۆر ئاساییە لامان بە سالێش داوای لێخۆش بوون لە خودا ناکەین ،بەلێ موسلمانان *ئەمە واقیعی حالی ئێمەیە* هەرکەسێکمان بۆ خۆمان دەژین نامانەوێت هیچ کەسێك بەژداربێت لەگەلمان بۆ دروست کردنی بینای دوا ڕۆژمان تەنانەت ئەگەر لە بەرژەوندیشماندا بێت ، بۆیە دەبینیت باوك بۆخۆی دەژی هەموو غەم وهەمێکی ئەوەیە چۆن پارە کۆبکاتەوە چۆن بژیت چۆن بخوات چی بپۆشێت چۆن ئاسودەبێت... ئەی باوکی بەڕێز ئەی منداڵەکانت بۆ بیرلە ئەوان ناکەیتەوە کاتێ کوڕەکەت جگەرە دەکێشێت عارەق دەخوات خەریکی کاری خراپەیە بەدوای نامووسی موسلماناندا دەکەوێت بۆ ئامۆژگاری ناکەیت بۆ محاسەبەی ناکەیت بۆ پەروەردەی ناکەیت بۆ لەکێشەکانی ناکۆلێتەوە بۆ گرفتەکانی چارەسەر ناکەیت بۆ دەهێلیت بێ شەرم وبێ حەیا بێت بۆ دەهێلیت لەبری ئەوەی ببێتە گولی گۆمەلگە دەبێتە ژەهرودەرد بۆ کۆمەلگە، ئەی لەڕۆژی قیامەتدا چۆن جوابی خوای گەورە دەدەیتەوە کاتێ پێت دەلێت منداڵم پێ بەخشیت چۆن پەروەردەت کرد چۆن پێت گەیاند،،ئەی بۆ لەکچەکەت ناپرسیتەوە ئەرە کچم بۆ ئەو جلە تەسك وتەنکانە دەپۆشی کاتێ دەچیت بۆ بازاڕ چی دەکڕی لەزانکۆ وپەیمانگادا چی دەکەیت هاوڕێکانت کێن بۆ دەچیت بۆ شایی وڕەشبەلەك بۆ دەچیت بۆ سەفرە وسیاحە لەگەلّ کوڕانی نامەحرەم، کچم بۆ نوێژناکەی ،،،بۆ لەکێشەکانی ناکۆلێتەوە بۆ یارمەتی نادەیت تا لە دینەکەی شارەزابێت بۆچی نامیلکە وکاسێتی ئیسلامی سودبەخشی بۆ ناکڕیت لەبری ئەوەی سیدی وکاسێتی گۆرانی وفیلمی بۆ بکڕیت خۆزگەکانی بۆ جێ بەجێ ناکەیت،چونکە باوکی بەڕێز دلنیابە لێپرسینەوەت لەگەلّ دەکرێت ،وەدوای مردنیشت منداڵەکانت هەرکارێکی خراپ بکەن بەشێك لەوخراپەیەش بۆ تۆ دێت لەبەرئەوەی بە شێوەیەك کە خوا پێ ی خۆش بووە پەروەردەت نەکردوە هەروەك چۆن ئەگەر بەشێوەیەکی جوان پەروەدەی بکەیت هەرکارێکی باش کەئەیکات بەشێکی ئەو چاکەیەش بۆ تۆ دێت ،کەواتە پیاوی چاکبە وبەخۆتدا بچۆرەوە چی تر منداڵەکانت فەرامۆش مەکە ،،دیسان باوکی بەڕێز دایکی منداڵکانیشت فەرامۆش مەکە و یارمەتی بدەو داخوازییەکانی جێ بەجێ بکە پێ بلێ منداڵەکان جوان پەروەردەبکات بەپەروەردەیەکی ئیسلامییانە وهەرچییەکی پێویست بوو بۆ ئەو مەبەستە بۆی جێ بەجێ بکەو بەردەوام نامیلکەو کاسێتی ئیسلامیان بۆ بکڕە تا لەمالەوە بۆ خۆیان گوێ ی لێ

بگرن وسودی لێببینن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەسێکی بەشەرم وبێ حەیا نەبن ،، تەماشا دەکەی کوڕیش یان گەنجان بەشێوەیەکی گشتی هەوڵ بۆ خۆی دەدات وباوك ودایك وخوشك وبرا هەموو فەرامۆش دەکات وتەنها خۆی بەلاوە گرنگە وگوێ بەقسەی کەس نادات ودەیەوێت بۆخۆی چۆنی بوێت لەم ژیانەدا ڕابوێرێت وکەس پێ ی نەڵێت لە کوێوە دێیت وبۆ کوێ دەرۆی باشە گەنجی بەڕێزکێ تۆی فێری ئەوەکردوە کە گوێ بەهیچ نەدەیت وچۆنت بوێت ئاوا هەڵسوکەوت بکەیت ئەی نازانی ئەوتەمەنەی کە خوا پێ ی داویت ئەمانەتە لەسەر شانت وئەوکاتانەی کە بە کاری خراپ وسەرپێچییەوە بەسەری دەبەیت ئەمانەتەو لێپرسینەوەت لەسەر دەکرێت ،داوات لێ دەکەم گەنج بەخۆدا بچۆرەوەو بزانە کەتۆ کێییت وەبۆچی دروست کراوی کارو وەزیفەت چیە ،بزانە تەمەنی گەنجی یانی تەمەنی خوالەخۆ رازی کردن ،تەمەنی بەدەست هێنانی بەهەشت ،تەمەنی بەرخۆدان وماندوونەبوون ،تەمەنی ئازایەتیو پیاوەتی،تەمەنی هێزودەسەلاَت ،تەمەنی تواناوچالاکی تەمەنی زیرەکی وبوێری ،تەمەنی هەوڵدان وکۆڵنەدان ،نەك تەمەنی خۆوونکردن وتەمەنی کاتبەسەربردن وتەمەنی هەست نەکردن بەزیان وتەمەنی بێ دەنگی وترسنۆکی وتەمەنی خۆنەناسین وتەمەنی خۆبێ دەسەلاَت کردن وماندووبوون وئارام نەگرتن ،گەنجانی خۆشەویست بەڕاستی زۆر عەیب وشورەییە کە ئێوە لەوتەمەنەتاندا خەریکی بەڕەلاَی وکاری خراپ وبەدڕەوشتی بن وخەڵکی پێتان بڵێت بێ ئابروو بێ شەرم بێ حەیا، وەبزانن کەتەمەنی گەنجی هەمووی ماوەیەکەو ناگەڕێتەوە هەرچی سیفەتی باش وچاك هەیە لەگەڵ خۆی دەیبات وئەوکاتەش پەشیمان بوونەوە هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت ،بۆیە پێویستە بەڕێزان ئێوە لەوتەمەنەدا زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بەرامبەر خوداوپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)وئاینەکەتان، وەبەرامبەر دایك وباوکتان، وەبەرامبەر خوشك وبراکانت، وەبەرامبەر مامۆستاو هاوڕێکانت، وەبەرامبەر خزم وکەس وکارت، وەبەرامبەر دراوسێ ودۆستەکانت ،دەبێت هەوڵبدەیت جوانترین شەرم وحەیات هەبێت تاببیت بە نموونەومامۆستا بۆ هەمووئەوانەی کە شەرم وحەیایان نیە تاچاوت لێ بکەن وبگەڕێنەوە لەهەموو سیفەتێکی ناشرین وخراپ ،براکەم بزانە ئەم داواکاریانە هیچ قورس وگرانییەکی تێدانیە تانەتوانی جێ بەجێیان بکەیت بەڵکو تەنها بڕیارێکی ڕاستگۆیانەی دەوێت بەیارمەتی خوای گەورەومیهرەبان،حەیاو شەرم وشکۆ بەدەست دێت

بەدووركەوتنەوە لە سەرپێچییەكانی خوایگەورەو كاركردن بەفەرمانەكانی كەئەمەش بۆ گەنج بڕیارێكی قورس نییە چونكە گەنج بەتوانایەو زیرەكەو كەمتر ماندوو دەبێت لەكاتی ئەنجام دانی هەرعیبادەتێكدا بەپێچەوانەی تەمەنی پیرییەوە كە ناتوانی خۆت ماندووبكەیت وكاری چاكە وچاكەخوازی زۆر بكەیت ،،وەهەرچی ئافرەتیشە لەم ڕۆژگارەدا بۆ خۆی بۆتە دەم سپی و كوێخای خۆی چۆنی بوێت هەڵسوكەوت دەكات چی بوێت ئاوها دەكات بێ گوێدانە قسەی باوكی یان برای یان دایكی یان خزم وكەس وكاری، ئافرەت لەخوای دەوێت كە كەسێك نەبێت چاوی لێ سوركاتەوە بۆئەوەی بەهەوەسی خۆی چی پێخۆشە ئەوەبكات ئەگەر زیانیشی هەبێت بۆی، دەچێت بۆ بازاڕ دەچێت بۆ پارك دەچێت بۆ سەفرە لەگەڵ كوڕانی نامەحرەم، ڕەسم دەگرێت لەگەڵ كوڕانی نامەحرەم لەگەڵ كوڕاندا لەزانكۆو پەیمانگاكاندا بۆخۆی هەڵسوكەوت دەكات وگاڵتەو گەپیان لەگەڵ دەكات ولەگەڵی دەچێت بۆ كافتریا بە سەعات پێكەوە دەبن ئەوەی قسەوباسە دەیكەن پێكەوە لە حەفلاتی یەكترناسیندا هەڵدەپەڕن بەهەوەسی خۆی هەرڕۆژەو جلێكی تەنك وتەسك وكورت لەبەردەكات هەتا بتوانێ خۆی نیشانی خەڵكی دەدات وجسم ولاشەیانی بۆ دەردەخات وئەوانیش تابتوانن تەماشای دەكەن سەدجار خۆیان قوربانی دەكەن، هەرڕۆژە بەشێوەیەك قژیان دادەهێنن وبەشێوەیەك مكیاج وداودەرمان دەكەن ئەئەمەیە حاڵی كچەكانمان بۆیە شەرم وشكۆ لەناوماندا نەماوەو بارەگەی پێچاوەتەوەو ڕۆشتووە، ئیتر حەیا لەچی بمێنێت حەیا لەچی بكرێت كچانی بەڕێز بۆ وا لەخۆتان دەكەن لەبەرخاتری چی بۆچی مەبەستێ خوا لەخۆت زوویر دەكەیت بۆ بەقسەی ناكەیت كاتێ ئەو تۆی خۆشدەوێت وئازارت نادات تۆش بەوشێوانە چاكەی خوای گەورە دەدەیتەوە ئەو هەرچاوەڕی ئەوەیە كە داوای لێ خۆش بوونی لێ بكەیت تالێت خۆش بێت دەرگای سۆزو میهرەبانی خۆی بۆكردویتەتەوە تا لێت خۆش بێت بەڵام تۆ هەر بەردوامی لەسەر خراپەكانی خۆت ناگەڕێیتەوە...

باشە هەندێ پرسیارت لێدەكەم تابزانم ئەگەر وەڵامتم دایەوە هێشتا هەربەردوام دەبیت لەسەر خراپەكاری یا وازدەهێنیت ودەگەڕێیتەوە بۆلای خوای گەورەو میهرەبان ،ئەگەر بۆئەوە واخۆت جوان دەكەی كە پێت بڵێن جوانە ئەوە من پێت دەڵێم زۆر زۆر جوانی،ئەگەر بۆ ئەوەتە پێت بڵێن لاشەیەكی جوان ولانجەولارت هەیە ئەوە من پێت دەڵێم لاشەت زۆر جوان ولەنجولارە،ئەگەر بۆئەوەتە

پێت بڵێن دەوڵەمەندە وا هەر ڕۆژەو جلێك دەپۆشی ئەوە من پێت دەڵێم زۆر دەوڵەمەندی ،ئەگەر چۆن گومان بەخۆت بەری منیش بەهەمان گومانی خۆت مەدحم کردی ئایا هەموو وەلاّمەکانی من و هەموو ئەوانەی کە وەك من بڕیارت لەسەر ئەدەن دەگاتە ئەوەی کە کەسێك پێت بڵێ (ئەی بێ شەرمی بێ حەیا )ئایا دەگاتەی ئەوەی کەلای خوای گەورە بەبێ حەیا وبێ شەرم باسبکرێیت ئایا دەگاتە ئەوەی لای فریشتەکانی خوا بە بێ حەیا باس بکرێیت؟ ئایە حەزدەکەی بەبێ حەیاو بێ شەرم بمری؟ ئایا حەزدەکەی بەبێ حەیایی زیندوو بکرێیتەوە؟ ئایە حەزدەکەی تۆ کەسێکی بێ حەیا بیت کاتێ بەرامبەر خوای گەورەو میهرەبان وەستاویت وئەویش محاسەبەت بکات؟ بێگومان نەخێر دەی کەواتە چاوەڕی چیتە ئەی خوشکی موسڵمان ئەی ئەوکەسەی کە تائێستا بێ شەرم بوویتە ئەی ئەوکەسەی تا ئێستا لە سەرپێچی خودایە دەژیایی ئەی ئەو کەسەی تا ئەم ساتە وەختە هەستت بە کەمتەرخەمی خۆت نەکردوە لە بەدەست هێنانی شەرم وشکۆدا دەرگای تەوبەو پەشیمان بوونەوە کراوەیەو پێشوازی لە میوانە بەڕێزەکانی دەکات ،خوشکە بەڕێزەکانم سوێند بەخوا ڕۆژێك دێت پەشیمان بیتەوە لەم کردارانەی کە دەیکەیت بەشێوەیەکی ناشەرعی بۆیە باشتر وایە زوو بگەڕێیتەوە و زوو بەرەو ژیانی بەختەوەری هەنگاو هەڵنێیت چونکە ئەمە بۆ تۆ باشترین ڕێگەو جوانترین بڕیارە لە ژیاندا ،خوشکی بەڕێزم ئێوە زۆر کاریگەرن لەسەر گەنجی داماو گەنج دەتوانێ بەرامبەر هەموو فیتنەیەك خۆڕاگر بێت کەبەسەریدا تێدەپەڕێت بەلاّم بەئەستەم دەتوانێ بەسەر فیتنەی ئافرەتدا زاڵ بێت وتووشی تاوان وسەرپێچی نەبێت هەروەك پێشەوامان(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت (ماترکت بعدی فتنة اضرعلی الرجال من النساء)(صحيح البخارى)، واتا(هیچ فیتنەیەك لەدوای من جێنەماوە لە ئافرەتی خەراپ گەورەتر بێت لەسەر پیاوان )،واتای وایە گەورەترین فیتنە کە پیاو بەرەو تیاچوون دەبات فیتنەی ئافرەتە ،دەی کەواتە ئافرەت بزانە هەرکەسێك بەهۆی تۆوە تووشی تیاچوون وگومڕایی بێت ئەوەبەشێك لەتاوانەکەشی بۆجەنابت دەگەڕێتەوە ولەسەرت دەنوسرێت وە هەتا بەردەوامیش بێت لەسەر ئەوتاوانەی کەبەهۆی تۆوە توشی بووە ئەوا تاوانیش بۆتۆدەڕوات،دەی ئافرەتی ئازاو بەجەرگ دەتوانی باجی تاوانەکانی خۆت وئەو گەنجانەش بدەی کەبەهۆی تۆوە تووشی گومڕایی وبێ شەرمی وبێ حەیایی بوونە؟؟؟وەئەوەش بزانە کەئەگەر ئێوەباش

وبەحەیاو بەشەرم وشکۆبن ئەوباشترین خۆشین لەدونیادا هەروەك پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم)دەفەرموێت (الدنيا متاع وخير متاعها المراة الصالحة )(رواه مسلم)،واتا(دونیا خۆشییە باشترین خۆشی لەدونیادا ئافرەتێکی صالیحەیە ) ،کەواتە تۆ کامیانی (گەورەترین وکاریگەرترین فیتنە لەسەرپیاوان )،یان(خۆشترین خۆشی لەدونیادا) ،،بۆیە لەکۆتایدا دەمەوێت بیهێنمەوە یادتان کە شەرم وشکۆ بەشێکی سەرەکی ئیمانی هەریەك لە ئێمەیە بۆیە پێویستە بەردوام هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی حەیا وشەرم وشکۆی خۆمان زیاد بکەین ئەوەش بەوە دەبێت کەئێمە بەتەواوی شوێنی ئاینە پاك وجوانەکەمان بکەوین وگرنگی بەهەمووبەشەکانی دینەکەمان بدەین بەئەندازەی توانامان هەوڵ بدەین بۆفەرمان کردن بەچاکە وڕێگریکردن لەخراپە،وەبەدوای هەموو تاوانێکدا چاکەوباشەیەك بکەین بۆ ئەوەی چاکەکە خراپەکە بسڕێتەوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ )(هود ١١٤)،واتا(چاکەکردن خراپەکردن دەسڕێتەوە) بەئەمەش دەتوانین بارێکی هاوسەنگی درووست بکەین لەنێوان کردەوەکانماندا بەمەش دەبین بەکەسێکی بەشەرم وبەحەیاوخۆشەویست دەبین لای خوای گەورەو پاشان لای هەموو خەڵکیش ،بابراکانم تەماشای ئیمامی (عوسمانی کوڕی عەففان)بکەین خەلیفەی سێیەمی پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) لە حەدیسێکدا کە دایکمان (عائیشە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە ودەفەرموێت (ڕۆژێکیان جلەکانی پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) شۆردبوو ، ئەویش کراسێکی تری لەبەر کردبوو نەگەشتبۆیە سەر چۆکی وگۆشتەکەی بستێك دیاربوو ، باوکم واتە ( ابوبکرصدیق) هات وئیجازەی هاتنە ژوورەوەی لەپێغەمبەر (صلى اللهعليه وسلم) وەرگرت ودانیشت بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) سەرچۆکەکەی دانەدایەوە وداینەپۆشی پاشان ئیمامی عومەر هات وئیجازەی هاتنە ژوورەوەی وەرگرت ودیسان سەرچۆکەکەی دانەدایەوە وداینەپۆشی بەڵام کاتێ ئیمامی عوسمان هاتە ژوورەوەو خێرا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەرچۆکەکەی دادایەوە وداپیۆشی ،دایکە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت)ئەمەی بەلاوە سەیر بوو دوای کەئەوان ڕۆشتن دایکە(عائیشە) لە پێغەمبەری(صلى الله عليه وسلم) پرسی ئەمە بۆچی ؟ فەرمووی ئەی عائیشە ( افلا استحى من رجل تستحى منه الملائكة) ، واتا (من چۆن شەرم لە پیاوێك نەکەم کە

مەلائیکەی خودا شەرمی لیَ دەکات )، ئەگەر چۆکی خۆم دانەپۆشیایە نەدەهاتە ژووریَ، حەیایی ئیمامی عوسمان ئاوها بووە ، بائافرەتەکانمان وخوشکەکانمان وخێزانەکانمان تەماشای خێزانی فیرعەون بکەن لەسەردەمی پێغەمبەر موسادا (علیه السلام) کە داوای لە خوا کرد کە لەبەهەشتدا خانوویەکی بۆ ئامادەبکات وەك فەرمووی: ( وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي ٱلْجَنَّةِ ) خێزانی فیرعەون لە چی کەم بووو‌ا داوای بەهەشت دەکات ئەگەر مەسەلەکە خۆشی وڕاحەت وخۆشگوزەرانی دونیابوویە لەماڵی فیرعەون هەمووشتێك هەیە بەلاّم پێی خۆش نییە، لەبەر ئەوە شەرم لەخوا دەکات خۆی لەگوناه وتاوان پاراستووە وخۆی دەپارێزێت وەهەروەها دەفەرمویێت: ( وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ ) پەروەردگارم ڕزگارم بکەیت لەفیرعەون وکردەوەکانیشی(وَنَجِّنِي مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ )(تحريم ١١) وەلەگەلی ستەم کاریش کەگەلی فیرعەونە ڕزگارم بکەیت ، دەبێت ئافرەتان وخوشکانی موسڵمانیش ئاوا بلّێن نەك تەسلیمی ویست وئیرادەی مێردەکەی یان براکەی یان باوکی بێت وەختیَ کەبیانەوێت بەرەوشوێنێکی ناشەرعی ببەن ئەمیش یەکسەر بەگوێیان بکات وئیرادەی لەدەستی کەسێك دەنێت کە بۆ شوێنی شەهوات وشوبهات کەتیایدا غەرقی گوناه وتاوانی دەکەن،بۆیە دەبێت ئافرەتانیش خاوەنی ئیرادەو بڕیاری خۆیان بن لە ئەو مەسەلانەی کەتایبەتە بە خۆیەوە ناکریَ کەهەرکاتیَ برا یان مێرد داوای شتێکیان لیَ کرد یەکسەر بەقسەیان بکات ،خوای گەورە ڕازی نییە کەبەقسەی دایك وباوك بکەیت لە بیَ فەرمانی خوادا چ جای قسەی برا یان مێرد ، هەروەك دەفەرمویێت ( وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا )(لقمان ١٥)ئەگەر داوایان لیَ کردی کەشەریك وهاوبەش بۆ من بڕیار بدەی نابێت بەقسەیان بکەی ،هەروەها پێشەوامان(صلى الله عليه وسلم)دەفەرمویێت (لا طاعة لمخلوق فى معصية الخالق)(مسند امام احمد) واتا( گوێڕایەڵی خەڵکی مەکە لە بیَ فەرمانی خوادا ).

جا لە خوای باڵادەست دەپاڕێینەوە ودەڵێین خوایە گیان بۆخاتری ناوەجوانەکانی خۆت وسیفەتە بەرزەکانت حەیاوشەرم وشکۆمان بۆ زیاد بکەیت بۆ خۆمان ومنداڵ وکوڕ وکچەکانمان هەروەها بۆخزم وکەس وکارو دراوسێ وهاوڕێیانمان هەروەها بۆ نەتەوەو وڵاتەکەمان هەروەها بۆ هەمووئیمانداران سەر ڕووی زەوی.......

اللهم امين......

.

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا اله الا انت استغفرك واتوب اليك ....

صلاح فائق مردان

Ferdaws_85@yahoo.com